http://jgu.garmian.edu.krd　https://doi.org/10.24271/garmian.403

# دابەشبوون و ئاستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری کەلاردا

**خالد وەلی عەلی**

بەشی جوگرافیا ,کۆلێجی پەروەردە ,زانکۆی گەرمیان

Khalid.wali@garmian.edu.krd

## پوختە

خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، وەك یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکێکانی ئاسودەیی, ڕۆڵی گرنگی هەیە لە خزمەتکردن بە دانیشتوانی شار, چونکە هۆکارێکە بۆ حەوانەوەو ئارامی بەخشین بە دەروونی مرۆڤ, لە سۆنگەی گرنگیی ئەم بابەتەوە هەوڵماندا لەم توێژینەوەیەدا، کار لە سەر دابەشبوون و ئاستی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شاری کەلاردا، بکەین .

شاری کەلار دەکەوێتە نیوان هەردوو بازنەی پانی (34° 36¯ 08˭ - 34° 39¯ 16˭)ی باکووری گۆی زەوی‌و نێوان دوو هێڵی درێژیی (45° 17¯ 12˭ - 45° 21¯ 50˭)ی ڕۆژهەلات، بەڕووبەری (17,1) کم2

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانییە، لە گەڕەکەکانی شاری کەلاردا، هەروەها ئاست و توانای لەخۆگرتنی سەردانکەران و دۆزینەوەی بڕی کورتهێنانی ئەو خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانیانەی ئێستا بەردەستە، ئەوەشی پێویستە لە ئیستادا لە شاری کەلاردا هەبێت، بە پێی پێوەرە ستانداردەکانی عیراق، لە ئە نجامدا دەستکەوتنی کۆمەلێك دەرئە نجام و پێشنیاز، بۆ چارەسەرکردنی گونجاو بۆ پەرپێدانی ئەم کەرتە.

**کلیلی ووشەکان:** خزمەتگوزاری ،خۆشگوزەرانی ، کەلار

## پێشەکی

خزمەتگوزرانی خۆشگوزەرانی بە یەکێك لەچالاکیە ئارزوومەندانەکان دادەنرێت، کەمرۆڤەکان لە ڕێگەی ئە نجامدانی ئەم جۆرە چالاکییەوە هەست بە خۆشی وئارامی دەروونی دەکەن، دوور لە ڕۆتین و دووبارە بونەوەی کاری رۆژانەیان، بە شێوازێك کە لەگەڵ خواست و ئارەزووەکانی مرۆڤدا بگونجێت، ئەمەش پەیوەستە بە بوونی کاتە بەتاڵەکانەوە، دیارە ئە مجۆرە لە خەزمەتگوزاری، هیچی کەمتر نیە لە خزمەتگوزارییەکانی دیکە، بەتایبەت دوای ئەوەی شارەکان رۆژ لە دوای رۆژ قەرەباڵەغی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، کە ئەمەش بۆتە هۆی پیسبوونی ژینگەی شارەکان و بەرزبونەوەی ڕادەی ژاوەژاو , بۆیە مرۆڤەکان هەوڵدەدەن رووبکەنە ئەو شوێنانەی کە لەگەڵ ئارەزووەکانیاندا دەگو نجێت، وەك: (باخچەکان، یاریگا وەرزشییەکان، کتێبخانەکان، چا یخانەکان، چێشتخانەکان، مۆزەخانەکان و هۆڵی ئاهەنگ و بۆنەکان).

گرنگیی خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانی لە شارەکاندا ڕوو لە زیادبوونە، چونکە شێوازێکی راستەوخۆ پەیوەستە بە قەبارەی شارەکانەوە، بەو واتایەی، تاوەکو قەبارەی شارەکان ڕوو لە زیابوون بێت، داوکاریی لەسەر خزمەتگوزاری ڕوو لە

**زیادبوونە، بەشێوازێك كە لەگەڵ فراوانبوونی شارەكاندا بگونجێت، كە ئەمەش هەندێ جار بەهۆی بێ پلانییەوە كەموكورتی لە نێو شارەكاندا دروست دەكات، لە ڕووی خزمەتگوزاریی خۆشگوزارنییەوە.**

**كێشەی توێژینەوەكە :**

1-**ئایا خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانی فرە چەشنە لە شاری كەلار؟**

2-**ئایا خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانی بەسەر گەڕەكەكانی شاری كەلاردا بە شێوەیەكی یەكسان دابەشبووە؟**

3-**ئایا ئاستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری كەلاردا، بە پێی پێویستە؟**

**گریمانەی توێژینەوە**

**1-خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شاری كەلاردا، كەموكورتی لە هەندێ جۆری خۆشگوزەرانیدا بەخۆیەوە دەبینێت .**

2-**دابەشبوونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی بە شێوەیەكی یەكسان دابەش نەبووە بەسەر گەڕەكەكانی شاری كەلاردا.**

3-**ئاستی خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانی لە شاری كەلاردا نەگەشتۆتە ئاستی پێویست، بە شێوازێك كە پێویستیی دانیشتوانەكەی پڕ بكاتەوە.**

**سنووری توێژینەوە**


**شاری كەلار كەوتۆتە باكوری رۆژهەڵاتی عێراق و كەوتۆتە باشوری رۆژهەڵاتی هەرێمی كوردستانی عیراقەوە، شاری كەلار لە بەشی باكوری رۆژهەڵاتەوە بە دێی بەردەسور و لە بەشی رۆژهەڵات وباشوری رۆژهەڵاتەوە بە ڕووباری سیروان و لە بەشی باكوورەوە بە دێی سەی خلیل و لە بەشی رۆژئاواو باكوری رۆژئاوا بە ناحیەی رزگاری و لە بەشی باشوریشەوە بە گوندی گردەگۆزینە دەور دراوە.**

**شاری كەلار دەكەوێتە نیوان هەردوو بازنەی پانی** (34° 36¯ 08= - 34° 39¯ 16=)**ی باكوری گۆی زەوی و هێڵەكانی درێژیی** (45° 17¯ 12= - 45° 21¯ 50=) **ی ڕۆژهەڵات, بە ڕووبەری** (17,1 **كم**2) .**بروانە نەخشەی** (1). **واتا ڕێژەی** (1٪) [*] **كۆی ڕووبەری قەزاكە پێك دێنێت وهەروها** (27) **گەڕەك لە خۆ دەگرێت.**

---

[*] دۆزینەوەی ڕووبەر و ڕێژەی سەدی ناوچەی لێكۆڵینەوە بەبەكارهێنانی پرۆگرامی (GIS 10.2.2).

نەخشەی (1) / شوێنی شاری کەلار بە پێی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە/کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: 1) هاشم یاسین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، 2009، ل81.

2) وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، بەشی GIS، 2010.

## ئامانجی توێژینەوە:

1-ناساندی جۆرەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شاری کەلار و دابەشبوونی شوێنی و ئەو ڕووبەری داگیری دەکات لە شاری کەلاردا.

2-دیاری کردنی ئاستەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شاری کەلاردا، تاکو چ ئاستێك لەگەڵ خواستی دانیشتواندا گونجاوە بە بەراورد کردنی بە پێوەرەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شارەکانی تری عێراقدا.

3- دۆزینەوەی بڕی کورتهێنان، لە نێوان ئەو خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیانەی لە ئێستادا هەیەو ئەوەی پێویستە لە شاری کەلاردا هەبێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ خواستی دانیشتوانەکەیدا بگونجێت.

**یەکەم/ شاری کەلار و تایبەتمەندییەکانی**

قەزای کەلار بەیەکێك لە قەزا گرنگ و ستراتیژییەکانی ئیدارەی گەرمیان دادەنرێت، ناوەندەکەی شاری کەلارە، ئەم شارە دەکەوێتە سەر هێڵی گواستنەوەی ( پارێزگای سلێمانی – کەلار - پارێزگای دیالە – پایتەختی عیراق "بەغداد" ) هاوکات لە ڕێگەی هێڵی (کفری)یەوە دەبەسترێتەوە بە پارێزگای کەرکوکەوە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بە (35کم) دوورە لە خاڵی سنووری پەروێزخانەوە، کە لە ڕێگەیەوە شاری کەلار بە شاری "قەسری شیرین" لە کۆماری ئیسلامی ئێران، دەبەسترێتەوە.

ئەم شارە وەکو ناوەندی ئیدارەی گەرمیان (140کم) لە شاری سلێمانیەوە دوورە, دەکەوێتە دووریی (245کم) لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە, هەروها (159کم) لە شاری کەرکوکەوە دوورە, دەکەوێتە دووری (202کم) لە باکوری بەغدای پایتەختی عێراقەوە, گەورەترین شاری هەرێمی کوردستانە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە کە نزیکترین دووری هەیە لەگەڵ شاری بەغدادی پایتەخت و شارەکانی تری ناوەڕاستی عێراقدا, بەتایبەت شاری "بەعقوبە" کە (120کم) دوورە لێیەوە[1].


شوێنی شاری کەلار ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر قەبارە و ڕووبەری شارەکە هەیە, ئەوەش بەهۆی گرنگیی چالاکی ئابووری شار و دەرخەری ئەو بڕە چالاکیە ئابوورییە، کە لە شاری کەلاردا ئەنجامدەدرێت و خزمەت نەك تەنها بە کەلار بەڵکو بە هەموو ناوچەکانی دەوروبەریش دەکات، ئەمەش هۆکاری ڕاکێشانی دەرامەتی داراییە بۆ شار و هۆکارە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بڕوانە خشتەی (1)، شارێك بە قەبارەی شاری کەلار لەرووی رووبەرەوە، کە دەگاتە (17,1کم2) وە ژمارەی دانیشتوانی کە بە پێی ئاماری ساڵی 2017 دەگاتە (139974)کەس [2]، کە دابەش دەبێت بە سەر (27) گەڕەکدا، گەورەترین گەڕەك لە رووی رووبەرەوە گەرەکی کەلاری کۆنە، کە بە کۆنترین گەڕەکی شاری کەلار دادەنرێت، بە ڕووبەری (716375 م2 )بەڵام لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەرەکی فەرمانبەران زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی تیا نیشتەجێیە، کە ژمارەیان (9973)کەسە، بڕوانە نەخشەی (2),ئەم شارە پێویستیەکی زۆری هەیە بە شوێنی حەوانەوە، کات بەسەربردن، دوور کەوتنەوە لە قەرەباڵغی ناوشارو ژیانی دووبارەبووی ڕۆژانە،هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا سیمایەکی جوان دەبەخشێ بە شار و دەروونێکی ئارام دەبەخشێتە دانیشتوانەکەی، بۆیە بایەخدان و پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی زۆر گرنگە، چونکە ئەمجۆرە لە خزمەتگوزاری لە شاری کەلاردا، هێشتا بە پێی پێویست و خواستی دانیشتوانەکەی نییە.

خشتەی ( 1 )/ ناوی گەڕەك و ڕووبەری گەڕەکەکان و ژمارەی دانیشتوانی کەلار بۆ ساڵی 2017.

| ژ | ناوی گەرەکەکان | ڕووبەری گەرەك/م$^2$ | ژماری دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرمانبەران | 547750 | 9973 |
| 2 | بنگرد | 390900 | 8416 |
| 3 | شێروانە | 325450 | 7601 |
| 4 | ڕاپەرین | 576250 | 8630 |
| 5 | ئازادی | 310000 | 2740 |
| 6 | سیروان | 344150 | 5866 |
| 7 | شۆرش | 264700 | 4993 |
| 8 | کلاری کۆن | 716375 | 5011 |
| 9 | بەردەسوور | 424575 | 4018 |
| 10 | گۆران | 442625 | 8009 |
| 11 | سەرکەوتن | 491025 | 7339 |
| 12 | شەهیدان | 306800 | 6586 |
| 13 | مامۆستایان | 456000 | 5190 |
| 14 | خەبات | 391100 | 7792 |
| 15 | شارەوانی 1 | 286000 | 4912 |
| 16 | شارەوانی 2 | 471200 | 2174 |
| 17 | ڕزگاری | 492250 | 6288 |
| 18 | گەرمیان | 107275 | 2188 |
| 19 | ئەندازیاران | 138600 | 3716 |
| 20 | ئاوارەکان | 91800 | 2445 |
| 21 | ئەنفالەکان | 165700 | 2740 |
| 22 | ڕووناکی | 507307,5 | 4872 |
| 23 | نەورۆز | 134125 | 1644 |
| 24 | جووتیاران | 503025 | 3904 |
| 25 | حەمرین | 403225 | 6016 |
| 26 | کەلاری نوێ | 500000 | 6309 |
| 27 | پیشەسازی | 597755 | 602 |
| | کۆی گشتی | 10385962 | 139974 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشت بەستن بە 1- بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان. 2-بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری گەرمیان.**

**نەخشەی ( 2 ) گەڕەکەکانی شاری کەلار**





**سەرچاوە/ کاری توێژەر بەبەکارهێنانی پرۆگرامی ( Arc Map GIS 10 )، بە پشت بەستن بە : وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، بەشی** GIS، 2010.

**دووەم/ واتای خۆشگوزرانی**

خۆشگوزرانی بریتییە لە چالاکییەکی خودی، کە لە ژێر ڕکێفی تاك و ئارەزووەکانیدایە، بە شێوەکی ئارەزوومەندانەیە و بە مەبەستی دەستکەوتنی ماددی نیە، بەڵکو هەستکردن بە زیندوێتی و چالاکی و چێژوەرگرتن و دڵخۆشییە، لەلایەن ئەو کەسانەی، کە چالاکیی خۆشگوزەرانی ئەنجامدەدەن، یان بریتییە لەو چالاکییە خۆشگوزەرانانەی، کە دەبنە مایەی حەسانەوە و جۆرێك لە ئارامی جەستەیی و دەروونی و هۆشی، یان بە شێوەیەکی توندو تۆڵ پەیوەستە بەکاتەکانی بەتاڵییەوە [3] . لە پێناسەیەکی تردا هاتوە، خۆشگوزرانی جۆرێکە لە جۆرەکانی چالاکی، بە ئامانجی کات بەسەربردن بەهەموو جۆرەکانیەوە، ئارامکردنەوەی دەروون، وەك: پیاسەکردن لە ناوچەیەکی کراوەی سەوزدا، یان ئەنجامدانی یارییەکی وەرزشی یان سەیرکردنی فیلمێکی سینەمایی و ئامانج لەم جۆرە چالاکییە پیشەیەك نەبێت، کە رۆژانە ئەنجامی بدات ، یان قازانجێکی ماددیی تێدا دەست بکەوێت [4]. بۆیە ئەتوانین بڵێین: خۆشگوزەرانی ئەو جۆرە کردارەیە یان ئەو دەزگایانەیە، کە دانیشتوان پەنای بۆ دەبەن بەمەبەستی کات بەسەربردن و چێژ وەرگرتن لە کاتە بەتاڵەکان ,لەگەڵ ئەوەشدا چالاکیی گەشتیاریی و خۆشگوزەرانی بەگرنگترین ئامرازی سوودبەخش دادەنریت، بۆ سوودوەرگرتن لە کات و هەستکردن بە ڕەزامەندی دەروونی، بڕوانە شێوەی ( 1 ),چونکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی تاك.

شێوەی ( 1 )/ ڕوونکردنەوەی گەشەی تاك لەڕێگەی ئەزموونی کاتە بەتاڵەکانەوە.




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە: احمد محمد النعیمی و منتهی,التوزیع المكاني للخدمات الترفيهية والترويحية في مدينة بغداد, مجلة الادارة والاقتصاد, العدد الثامن والعشرون, 2009, ص88.

گرنگیی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لەوەدایە، چەندین دەرهاوێشتەی هەیە، کە پێویستن بۆ ژیانی رۆژانەی دانیشتوان و ئەو دەرهاوێشتانەش، بە پێی جیاوازیی جۆری ئەو چالاکیەی ئەنجامی ئەدەن، یان ئەو چێژەی وەریدەگرن،

جیاوازە، پەنابردنی دانیشتوانیش بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزرانیەکان، دەکرێ بە پلان بێت، یان لە خۆوە بێت، بەڵام گرنگە ئەوەیە ئاماجنی خۆشگوزەرانی خۆی بپێکێت، کە لەم جۆرانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

1-لایەنی کۆمەڵایەتی: گرنگیی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لەوەدایە، شوێنێکە کە دانیشتوان بە هەموو چین و توێژەکانییەوە تیایدا کۆ دەبنەوە، دەبێتە هۆی یەکترناسین و شوێنی گۆڕینەوەی ئەزموون لەگەڵ یەکتردا، لە ڕێگەی گفتوگۆ لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی وئابووری و ڕامیاری و ئاینی و...تاد، کە پەیوەندیی بەژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانەوە هەیە [5].

2-لایەنی ئابووری: خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لەو چالاکیانەیە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی جووڵە ئابووری،لە ڕێگەی ئەوە بڕە پارەیەی، کە وەریدەگرێت بەرانبەر ئەو خزمەتەی پێشکەشی دەکات، ئەمەش دەبێتە هاندەرێك بۆ کەرتی تایبەت بۆ بەگەڕخستن و ئەنجامدانی هەندێ خزمەتگوزاری، وەك: چایخانەو چێشتخانەو هۆڵی بۆنەو ئاهەنگەکان و چالاکیی وەرزشی، ئەمەش دەرگا بۆ چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە بواری وەبەر هێنان و بەگەڕخستنی دەستی کار و نەهێشتنی بێکاریی لە کۆمەڵگادا، والا دەکات. [6]

3-لایەنی ژینگەیی: خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی ئارام و پاك، لە ڕێگەی ئەو باخچەو ناوچە سەوزانەوە، کە هۆکارێکن بۆ دابەزینی پلەی گەرما وپاککردنەوەی ژینگەی شارەکان، لە ڕێی هەڵمژینی گازی دووەم ئۆکسید کاربۆن و دەردانی ئۆکسجینەوە. [7]

4-لایەنی دەروونی: هەبوونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شارەکاندا، جۆرێك لە ئارامی دەروونی دەبەخشێتە دانیشتوانی شارەکان، چونکە ئەو کەسانەی لە شارەکاندا دەژین زۆر پێویستیان بە دەرچوونە لە ڕۆتینی ڕۆژانە، هەبوونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی هۆکارێکە بۆ ئەوەی بتوانن ئارامی بە دەروونی خۆیان ببەخشن، ئەوەش بە سەردانی ئەو شوێنانەی کە خۆشگوزەرانی لێیە. [8]

5-لایەنی پەروەردەیی: گرنگیی لایەنی پەروەردەیی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لەوەدایە، کە جێیەکی گونجاو بۆ هەموو تەمەنە جیاوازەکان دەستەبەر دەکات، بۆ نمونە منداڵان حەزیان لە یاری و تیکەڵاو بوونە لە ڕووبەرێکی فراواندا، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان یاریی بکەن، ئەمەش لە ڕێگەی بوونی باخچەی کراوەوە، لە نێو گەڕەکەکانی شاردا، ئەو ژینگە سەلامەتەیان بۆ دابین دەکات، تا دوور بن لە جادەو تێکەڵاویی ناتەندروست، یان خۆشگوزەرانی لە جۆری یانەی وەرزشی و یانەی ڕۆشنبیری، بەتایبەت بۆ تەمەنی گەنجان گرنگییەکەی لەوەدایە، کە هۆکارێکە بۆ گەشە سەندنی تواناکانیان لە ڕووی هزری و جەستەیی و دوورکەوتنەوە لەو شوێنانەی کە بە لاڕێیاندا دەبات, هەروها بۆ تەمەنی پێگەشتوان، هەبوونی خۆشگوزەرانی پەیوەندیی نێوانیان بەهێزتر دەکات، لە ڕێگەی چایخانەو یانە ڕۆشنبیرییەکان و دوورکەوتنەوە لە فشاری ڕۆژانەی کار. [9]

**سێیەم/ دابەشبوونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی بە پێی جۆرەکانی لە شاری کەلار دا بۆ ساڵی 2017.**

**بوونی جۆراوجۆری لە خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرنجڕاکێشانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، چونکە ئارەزووەکانی مرۆڤ جیاوازە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، هاوکات کار لە راکێشانی سەرنجی خەڵکی شارەکانی دیکە دەکات، بۆ ئەوەی ڕووبکەنە ئەو شوێنانە و ئارەزووەکانیانی تێدا بەتاڵ بکەنەوە، لە هەمانکاتیشدا هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی داهاتێك، بۆ دانیشتوانی شارەکە و نەهێشتنی دیاردەی بێکاری.** [10]

**ئەگەر بڕوانینە جۆرەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانی لە شاری کەلار ، دەبینین: لەگەڵ خواست و ئارەزۆکانی دانیشتوانی کەلاردا نیە، یان ئەگەر هەشبێت بە پێی پێویست نییە، بڕوانە خشتەی (1)، بەسەرنجدان لەو خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە "باخچەکان" پلەی یەکەم بەدەستدەهێنن لەکۆی خۆشگوزەرانییەکاندا، بە ژمارەی (214) باخچەو بەرێژەی (63٪)، کە بەسەر هەموو گەڕەکەکانی شاری کەلاردا دابەشبووە، ئەمەش بۆ ئەو پلانەی، کە لە لایەن شارەوانی کەلارەوە دانرابوو، دەگەڕێتەوە، بەتایبەت بۆ گەڕەکە تازەکانی شاری کەلار، هەرچەندە هەندێ لەو باخچانە تەنها شوێنەکەی دیاری کراوەو لە قۆناغی سەرتادایە، هێشتا بە هەرێزو درەخت سەوز نەکراوە، پاش باخچەکانیش بە پلەی دووەم "چایخانەکان" دێن، بە ژمارەی (28) چایخانەو بەرێژەی (8٪) کۆی خۆشگوزرانییەکان، کە بەسەر (20) گەڕەکدا دابەشبووە، ئەمەش بەهۆی بەرفراوانی شاری کەلار وپێویستی خەڵکی بە شوێنێك کە تێیدا بیروڕاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا تاوتوێ بکەن و کاتێکی خۆش بەسەر ببەن، بە پلەی سێیەمیش "یارگاکان" دێت، بە ژمارەی (22) یاریگای گەورە و بچووك و بە رێژەی (6,5٪) لە کۆی خزمەتگوزارییەکانی شاری کەلار، کە بە سەر (21) گەڕەکدا دابەشبووە، ئەمەش دوای بڵاوبوونەوەی دیاردەی یاریگای تایبەت، کە بە یاریگای "تارتان" ناو دەبرێت، کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لەپلەکانی کۆتاییدا هەریەك لە (مۆزەخانە و شوێنەواری دێرین و کابینەی گەشتیاری و بارِ) دێت، بە ژمارەی (1) پرۆژە لە شارەکەدا و بەرێژەی (0,3)، کە ئەمەش بە پێی پێویست نیە، جگە لە شوێنەواری دێرین، کە ئەمەش لە دەسەڵاتی ئێستا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ خۆشگوزرانی لە شارەکەدا بەردەست نییە، وەك: هۆڵی شانۆ و سینەما، کە ئەمەش تا ڕادەیەك پەیوەندیی بە شێوازی بیرکردنەوە و کلتوری ناوچەکەوە هەیە و هەروها شارەکە لە ڕووی مێژووی دروستبونییەوە مێژوویەکی کۆنی نییە، کە وەکو ناوەندی قەزا لە ڕێکەوتی (1970/3/11)دا بڕیاری بەقەزابوونی دراوە، کە لە سەرەتادا تەنها وەکو گوندێکی گەورە بووە، ئەمەش وا دەکات جیاوازبێت بە بەراورد بە شارەکانی تری وەکو خانەقین و کفری لە ئیدارەی گەرمیاندا.**

خشتەی (2)٪ دابەشبوونی خزمەتگوزرای خۆشگوزرانی لە شاری کەلار بۆ ساڵی 2017

| ژ | خزمەتگوزرای خۆشگوزرانی | ژمارەی دەزگا | ٪ | ژمارەی گەرەك |
|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچە | 214 | 63 | 27 |
| 2 | چایخانە | 28 | 8 | 20 |
| 3 | یاریگا | 22 | 6.5 | 21 |
| 4 | چێشتخانە | 22 | 6.5 | 12 |
| 5 | شیرنی وساردەمەنی | 15 | 4.5 | 5 |
| 6 | هۆڵی وەرزشی | 13 | 4 | 10 |
| 7 | کتێبخانە | 5 | 1.5 | 2 |
| 8 | سەنتەری لاوان | 3 | 0.9 | 2 |
| 9 | هۆڵی بۆنەو ئاهەنگ | 3 | 0.9 | 3 |
| 10 | هوتێلەکان | 3 | 0.9 | 3 |
| 11 | شاری یاری و پارك | 3 | 0.9 | 3 |
| 12 | یانەی وەرزشی | 2 | 0.6 | 2 |
| 13 | مەلەوانگە | 2 | 0.6 | 2 |
| 14 | مۆزەخانە | 1 | 0.3 | 1 |
| 15 | شوێنەواری دیرین | 1 | 0.3 | 1 |
| 16 | کابینەی گەشتیاری | 1 | 0.3 | 1 |
| 17 | باڕ | 1 | 0.3 | 1 |
| 18 | شانۆ | - | | - |
| 19 | سینەما | - | | - |
| | کۆ | 339 | ٪100 | - |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەستن بە. 1-بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان. 2- فەرمانگەی شەتلگەو باخچەی کەلار 3- بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان 4- سەندیکای کرێکارانی کەلار. 5-بەریوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان 6-بەریوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان.


### چوارەم/دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی بە پێی گەڕەکەکانی شاری کەلار بۆ ساڵی 2017.

دابەشبوونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی دەبێت بە شێوازێك بێت، لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان و شێوازی بونیادی شارەکەدا بگونجێت، واتا هیچ کام لەم دوو لایەنە پشتگوێ نەخرێت، ئەمەش پێویستی بە پلانێکی تۆکمەیە لەگەڵ فراوانبوونی شارەکەدا جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی شارەکان لە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بێبەش نەبن. (11) .

زۆرێك لە گەڕەکەکانی شاری کەلار لە چەندین جۆری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بێبەشن، بڕوانە نەخشەی (3), ئەمەش وایکردووە، کە شێوازی دابەشبوونی بەشێوەیەکی هاوسەنگ نەبێت، بە سەرنجدان لە خشتەی (3) بۆمان دەردەکەوێت، کە گەڕەکی فەرمانبەران بە پلەی یەکەم دێت، بە (30) خزمەتگوزاری و بەڕێژەی (9٪) ، کە ئەمەش دابەشبووە بەسەر ڕووبەری (547750 م2) بە ڕێژەی (5,2٪) لە کۆی ڕێژەی ڕووبەری گەڕەکەکانی شاری کەلار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی گەڕەکەکەی تێدا دروست بووە ، کە دەکەوێتە چەقی شاری کەلار و بەشێکی بازاری کەلار

دەکەوێتە ئەم گەڕەکەوە، یەکێکیشە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری کەلار، بە پلەی دووەم گەرەکی رزگاری دێت، بە (27) خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانی و بەرێژەی (8٪) کە لە سەر رووبەری (492250 م2) بە رێژەی (4,7٪) لە کۆی رێژەی گەرەکەکانی شاری کەلار، هەرچەندە ئەم گەڕەکە لە گەرەکە تازەکانی شاری کەلار دادەنرێت، بەڵام لەسەر پلانێکی نوێ بنیاد نراوە و ڕەچاوی لایەنە خزمەتگوزارییەکانی کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی پێکهاتووە لە باخچەی نێوان کۆڵانەکانی ئەم گەرەکە, بە پلەی سێیەم گەرەکی سیروان دێت بە ژمارەی (23) خۆشگوزەرانی و بەرێژەی (7٪) کە لەسەر رووبەری (344150) بنیاد نراوە، بە رێژەی (3,3٪) لە کۆی ڕێژەی رووبەری گەرەکەکانی شاری کەلار، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم گەڕەکە دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکیی کەلار – سلێمانی، زۆرێك لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزرانییەکانی پێکهاتووە لە کافتریا و چایخانەو چێشتخانە باخچە، لە پلەی کۆتاییشدا گەڕەکی گەرمیان دێت بە (3) خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی و بەرێژەی (1٪) ئەمەش لە سەر رووبەری (107275) بنیاد نراوە واتا (1٪) لە کۆی رێژەی بنیادنراو لە شاری کەلاردا، دیارە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بچووکی رووبەری ئەم گەڕەکە بە بەراورد بە گەڕەکەکانی دیکەی شاری کەلار.

نەخشەی ( 3 ) دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بە پێی گەڕەکەکانی شاری کەلار




سەرچاوە/ کاری توێژەر بەبەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10)، و بە پشت بەستن بە. 1-بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان. 2- فەرمانگەی شەتڵگەو باخچەی کەلار 3-بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان 4- سەندیکای کرێکارانی کەلار.

خشتەی ( 3 )/ دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شاری کەلار لە ساڵی 2017.

| ژ | ناوی گەرەکەکان | ژمارەی خزمەتگوزارای | ٪ | رووبەری گەرەك/م2 | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | فەرمانبەران | 30 | 9 | 547750 | 5,2 |
| 2 | ڕزگاری | 27 | 8 | 492250 | 4,7 |
| 3 | سیروان | 23 | 7 | 344150 | 3,3 |
| 4 | مامۆستایان | 22 | 6.5 | 456000 | 4,3 |
| 5 | بنگرد | 20 | 6 | 390900 | 3,7 |
| 6 | شەهیدان | 20 | 6 | 306800 | 3 |
| 7 | شارەوانی 1 | 19 | 5.6 | 286000 | 2,7 |
| 8 | شۆرش | 17 | 5 | 264700 | 2,5 |
| 9 | سەرکەوتن | 14 | 4.2 | 491025 | 5 |
| 10 | بەردەسوور | 13 | 3.8 | 424575 | 4 |
| 11 | ڕاپەرین | 12 | 3.5 | 576250 | 5,5 |
| 12 | ڕووناکی | 12 | 3.5 | 507307 | 5 |
| 13 | شێروانە | 11 | 3.2 | 325450 | 3 |
| 14 | کەلاری کۆن | 10 | 2.9 | 716375 | 7 |
| 15 | حەمرین | 9 | 2.6 | 403225 | 4 |
| 16 | ئەنفالەکان | 9 | 2.6 | 165700 | 1,5 |
| 17 | ئازادی | 8 | 2.3 | 310000 | 3 |
| 18 | خەبات | 8 | 2.3 | 391100 | 3,7 |
| 19 | شاراوانی 2 | 8 | 2.3 | 471200 | 4,5 |
| 20 | ئاوارەکان | 8 | 2.3 | 91800 | 0,9 |
| 21 | ئەندازیاران | 7 | 2.1 | 138600 | 1,3 |
| 22 | گۆران | 7 | 2.1 | 442625 | 4,2 |
| 23 | کلاری نوێ | 6 | 1.7 | 500000 | 5 |
| 24 | نەورۆز | 6 | 1.7 | 134125 | 1 |
| 25 | پیشەسازی | 5 | 1.4 | 597755 | 6 |
| 26 | جوتیاران | 5 | 1.4 | 503025 | 5 |
| 27 | گەرمیان | 3 | 1 | 107275 | 1 |
| کۆ | | 339 | 100 | 10385962 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەستن بە. 1-بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان. 2- فەرمانگەی شەتلگەو باخچەی کەلار 3- بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان 4- سەندیکای کرێکارانی کەلار.

## پێنجەم/ پێوەرەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی، بە پێی پێوەری شارەکانی عێراق.

پێوەرەکانی خزمەتگوزاری ئەو پێوەرانەن، کە بە ئاستێکی دیارییکراو پەسەند دەکرێت، چی لە ڕووی ڕوبەرەوە بێت یان لە رووی ژمارەوە، بۆ هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزاری، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە پێوەرەکانی خزمەتگوزاریی

خۆشگوزەرانی لەسەر بنەمای دابەشبوون وچڕی و توانای سروشتی و مرۆیی ناوچەکان دادەنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی پلانێکی گونجاو، چونکە هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزاری لە شارەکاندا [12].

جیاوازیی بەدی دەکرێت لە پێوەرەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزرانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەمەش بۆ کاریگەری پێوەرەکان بە هەلو مەرجی سروشتی ومادی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، هەروەها جیاوازی بەدی دەکرێت لە پێوەرکان لە نێوان شارە گەورەکان و شارە بچوکەکاندا، لە نێوان شارە بنیادنراوەکان و شارە تازەکاندا، چونکە بە ئاسانی زەوی لەو شارانەدا بەردەستە، بەڵام جیاوازییەکی ئەو تۆ لە نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکان و وڵاتە تازە پێگەشتۆکان بەدی ناکرێت، تەنها لە جۆری پلان و یاسای وڵات و ئاستی هۆشیاری دانیشتوان نەبێت [13].

لە بەر گرنگی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی بۆ شارەکان، وزارەتی پلاندانانی عیراق، هەوڵیداوە لەسەر بنەمایەکی زانستی کۆمەڵێك پێوەر بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزرانی دابنێ بۆ شارەکانی عێراق، بڕوانە خشتەی (4), کە تێیدا جۆری خزمەتگوزرای خۆشگوزرانی پۆلێن کراوە لە گەڵ ژمارەی دانیشتوان ئەو ڕووبەری بەسەریدا دابەش ئەبن.

خشتەی (4) / پێوەرەکانی خزمەتگوزرای خۆشگوزرانی لە عیراق.

| خزمەتگوزرای | پێوەری ناوخۆی | | |
|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان/کەس | ڕووبەر | |
| | | هکتار | $م^2$ |
| سەنتەری گە نجان | 20000 | 1,5 | 15000 |
| گۆرەپانی وەرزشی | 25000 | 5 | 50000 |
| باخچەکان | 10000 | 6 | 60000 |
| کتێبخانەی گشتی | 50000 | 1,50 | 15000 |
| پارکی گشتی | 50000 | 20 | 200000 |
| یانەی وەرزشی | 10000 | 1.2 | 12000 |
| گۆرەپان وباخچە | 10000 | 1 | 10000 |

سەرچاوە: کۆماری عیراق, وزارەتی پلاندانان, دەستەی پلاندانانی هەرێمی, بەشی دانیشتوان, پلانی گەشە پێدانی عیراقی بۆ ساڵی 2000.

هەروەکو لەسەرتاشەوە ئاماژەمان پێکرد کە پێوەرکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزرانی بەپێی هەل ومەرجی ناوەچەکان دیاری دەرکریت وبە لەبەرچاو گرتنی خشتەی (4) و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کە لە لایەن توێژەرەوە ئەنجامدراوە بۆ واقعی خزمەتگوزاری خۆشگوزرانی لە شاری کەلاردا, هەوڵماننداوە پێوەرەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزرانی بۆ شاری کەلار دیاری بکەین بڕوانە خشتەی (5) کە تیدا ڕەچاوەی هەموو هۆکارە سروشتی مرۆیەکانی ناوچەکە کراوە لەگەڵ تێبینی کردنی شوێنەکانی خۆشگوزرانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆرێك لەو کەسانەی کە پەرپرسن لە شوێنەکانی خۆشگوزرانی وزانینی ژمارەی ئەو کەسانەی ڕۆژانە سەردانی شوێنەکانی خۆشگوزرانی ئەکەن بە شێوەیەکی ڕێژەی, وە هەروها بڕی ڕووبەرو و ژمارەی دانیشتوانی گەرکەکان, گەشتین بە کۆمەڵێك ئەنجام ولەسەر ڕۆشنای ئەو دەرئە نجامانە توانیمان پێوەرەکان دیاری بکەین, هەرچەندە زۆرێك لە خزمەتگوزاریکانی خۆشگوزرانی بە شێوەیەکی یەکسان دابەش

نەبوو بەسەر گەڕەكەكانی شاری كەلاردا چونكە كەلار بەگشتی بە دوو قۆناغی گەشە كردنی بەرچاودا تێپەڕیوە كەلار لە سەرتادا گوندێكی بچووك بوو بەڵام دوای ئەوەی بەهۆی هۆكاری رامیاریەوە زۆرێك لە گوندەكانی دەوروبەری شاری كەلار راگوێزرانەوە بۆ شاری كەلار لە ساڵی ( 1975 ) كە بە قۆناغی یەكەمی بەرفراوانبوونی شاری كەلار دادەنرێت زۆرێك لەو گەرەكانەی بنیاد نران لەو قۆناغەدا هیچ جۆرە رەچاو كردنێك نەكراوە بۆ خزمەتگوزاریكانی خۆشگوزرانی بۆیە زۆرێك لە گەرەكە كۆنەكانی شاری كەلار جگە لەو گەرەكانەی كە ئەكەونە چەقی شارەوە وەك گەرەكی ( فەرمانبەران و بنگرد و شیروانە ) كە ئەوانەش خزمەتگوزاریكانی زیاتر خۆی لە چایخانەوە چێشتخانە ئەبینێتەوە ئەو كەرەكەكانی دیكە هیچ جۆرە خزمەتگوزاریەكی خۆشگوزرانی بۆ ئەنجام نەدراوە, قۆناغی دووەم دوای رووخانی رژێمی بەعس دێت واتا ساڵی( 2004 ) كە دیسانەوە كەلار بەرفراوانی بەخۆیەوە بینی زۆرێك لە گەركە تازەكانی شاری كەلار دوای ئەو بەروارەوە بنیاد نراوە وەك گەرەكی ( شەهیدان و رزگاری و ئەندازیاران و ئاوەرەكان و ئەنفالەكان و رووناكی و شارەوانی یەك شارەوانی دوو ونەورۆزو مامۆستایان هتد... ) ئەم گەركانە رچاوی خزمەتگوزاری خۆشگوزرانی بۆ كراوە بەتاییەت لە بوونی باخچە,وەئەمەش بەهۆكارێكی سەرەكی دادەنرێت بۆ ئەوەی كە خزمەتگوزاریكانی خۆشگوزرانی بە شێوەكی یەكسان دابەش نەبێت بەسەر گەركەكانی شاری كەلاردا, واتا سەرای بوونی ژمارەیەكی زۆر لە باخچە لەهەندی لەگەرەكەكانی شاری كەلار بەڵام هەرپێویستیمان هەیە بە باخچە چونكە گەرەكە كۆنەكان هێشتا هەر زۆر بەكەمی باخچەی تیدا بەرچاو ئەكەوێت, بۆیە لەبەر ئەم هۆكارانە ئەم پێوەرانە دانراوە ورەچاوی هەموو بارودۆخی شار كراوە.

خشتەی ( 5 ) / پێوەرەكانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە ناوچەی لێكۆڵینەوە [(*)].

| ژ | جۆری خزمەتگوزرای خۆشگوزرانی | ژمارەی دانیشتوان | رووبەر /م$^2$ |
|---|---|---|---|
| 1 | باخچە | 2000 | 1000 |
| 2 | چایخانە | 1000 | 250 |
| 3 | یاریگا | 4000 | 2000 |
| 4 | چێشتخانە | 4000 | 600 |
| 5 | شیرنی وساردەمەنی | 2000 | 600 |
| 6 | هۆڵی وەرزشی | 5000 | 500 |
| 7 | كتێبخانە | 50000 | 15000 |
| 8 | سەنتەری لاوان | 6000 | 2000 |
| 9 | هۆڵی بۆنەو ئاهەنگ | 45000 | 4500 |
| 10 | هوتێلەكان | 4000 | 2500 |

[(*)] پێوەرەكان لە توێژەرەوە دانراوە.بە پێی ئەم هەنگاوانە 1- پێوەری دانیشتوان بۆ ( هۆڵی وەرزشی و چایخانەو چێشتخانە ) بە پشت بەستن بە. تێكرای سەردانی رۆژانە × ژمارەی دەزگاكانی خزمەتگوزرای خۆشگوزرانی = پێوەری دانیشتوان بۆ ئەو خزمەتە

2-بۆ شاری یاری، تێكرای مانگانە بۆ سەردانكەران وەرگیراوە. تێكرای سەردانكەرانی ڕۆژانە × 30 رۆژ = پێوەری دانیشتوان بۆ ئەو خزمەتە

3-بۆ رووبەر، بە پێی تێكرای گشتی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی × ژمارەی دەزگاكانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی داواكراو = رووبەری پێویست بۆ خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانی.

| ژ | جۆری خزمەتگوزرای خۆشگوزرانی | ژمارەی دانیشتوان | رووبەر /م² |
|---|---|---|---|
| 11 | شاری یاری و پارك | 50000 | 20000 |
| 12 | یانەی وەرزشی | 30000 | 15000 |
| 13 | مەلەوانگە | 5000 | 1500 |
| 14 | مۆزەخانە | 10000 | 2000 |
| 15 | شوینەواری دیرین | - | - |
| 16 | کابینەی گەشتیاری | 2000 | 1000 |
| 17 | بارِ | 3000 | 1000 |
| 18 | شانۆ | - | - |
| 19 | سینەما | - | - |

سەرچاوە: 1- کۆماری عیراق, وزارەتی پلاندانان, دەستەی پلاندانانی هەرێمی, بەشی دانیشتوان, پلانی گەشە پێدانی عیراقی بۆ ساڵی 2000.

2-بشیرابراهیم لطیف, خدمات المدن, دراسة في الجغرافیة التنمویة, ط1, لبنان, 2009, ص251.

3-بەڕیوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان. 4-کاری مەیدانی لە لایەن توێژەروە

**دابەشبوونی خۆشگوزرانی بە پێی شێوازی موڵکداری:**

1-سەنتەری گشتی حکومی: وەك باخچەو یاریگای وەرزشی و یانە وەرزشییەکان و مۆزەخانە و شانۆ و سەنتەری گە نجان و مەلەوانەگەو شاری یاری.

2-سەنتەری بازرگانی: کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت و ئامانجی دەسکەوتنی پارەیە، وەك: هۆڵی سینەماو بارەکان و چێشتخانەو چایخانەو یانەی شەوان.

3-سەنتەری ئاراستەکراو یان تایبەت: ئەمجۆرەش کاریگەری هەردوو جۆرەکەی پێشوی لەسەرە، وەك: ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان [14].

**شەشەم/ئاست وتوانای خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شاری کەلار بۆ سالی 2017.**

ئاست و توانای خزمەتگوزارییەکان لەو فاکتەرانەیە، کە زۆر پێویستە لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکاندا کاری لەسەر بکرێت، توانا واتا چۆنێتی بەکارهێنانی دەزگاکان بۆ رەگەزە مرۆییەکان، کە کاریان تێدا دەکەن بە شێوازیك کە ماف و ئامانجەکانیان بپارێزێت بە کورترین کات و کەمترین وزە [15]. یان توانای دەزگا خزمەتگوزارییەکانە بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوان، بە باشترین شێوە و کەمترین کات و وزە [16]. توانای خۆشگوزەرانی واتا دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی لە شارەکاندا، لە رووی ژمارە و رووبەرەوە بەشێوازێك، کە لەگەڵ ژمارەی دانیشتواندا بگونجێت و بگات بەو ئاستەی کە پێویستی دانیشتوانەکەی پڕ بکاتەوە .

**لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی ژمارە و ڕووبەری ئەو خۆشگوزرانییانەمان بۆ دەرکەوت لە شاری کەلاردا دەستەبەرە، بەڵام بۆ زانینی ئاست و توانای خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانی پێویستمان بە بەراوردێك هەیە لە نێوان ژمارە دانیشتوان و ڕووبەری هەریەکە لەو خزمەتگوزارییانەی، کە هەیە لەگەڵ ئەو پێوەرانەی ژمارە دانیشتوان و رووبەری تێدا دیارییکراوە، وەك ستانداردێك .**

**بە پێی ئەو بارودۆخەی هەیە بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزرانی لە شاری کەلار وپشت بەستن بەو پێوەرانەی لە خشتەی (4 و5 )دا دیاریکراوە و توانیمان پێویستی شاری کەلار بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزرانی دیاری بکەین وهەروها بڕی کورتهێنانی لە ساڵی (2017 ) دا, چونکە ئەو خزمەتگوزاریانەی هەیە لە ئێستادا لە ئاست خواستی دانیشتوانی شارەکەدا نیە, بە سەرنج دانی خشتەی (6 ) و شێوەی (2 ), بۆمان روون ئەبێتەوە کە سەڕای بوونی (214 ) باخچە لە شاری کەلار کە لەسەر رووبەری (344626,4 م2 ) بنیاد نراوە بەڵام هێشتا شارەکە پێوستی بە (308 ) باخچە و رووبەری (375521,3 م2 ) هەیە واتا بەکورتهێنانی (94 ) باخچە وە رووبەری (30894,9 م2 ), وە ئەم کورتهێنانە لە نزمترین ئاستدا خۆی ئەبینێتەوە لە کابینە گەشتیاری و باڕدا لە (1 ) شوینی تایبەت بە کابینەی گەشتیاری کە لە سەر رووبەری (700 م2 ) بنیاد نراوە وشارەکە پیویستی بە (3 ) شوینی تایبەت هەیە بەو خۆشگوزرانیە واتا بەکورتهێنانی (2 ) شوینی تایبەت بە کابینەی گەشتیاری.**

**لە کۆی (399 ) پرۆژەی خزمەتگوزاری خۆشگوزرانی لە شاری کەلاردا کە لەسەر (496967,6 م2 ) بنیاد نراوە شارەکە پیویستی بە (769 ) پرۆژە هەیە واتا بە کورتهێنانی (459 ) پروژەی خۆشگوزرانی بە هەموو جۆرەکانیەوە وە رووبەری (1439647,9 م2 ) واتا بە کورتهێنانی رووبەری (949630,3 م2 ).**

**خشتەی (6 )/ پیویستی ئیستا بۆ خزمتگوزاری خۆشگوزرانی وە بڕی کورتهێنان لە شاری کەلاردا بۆ ساڵی 2017.**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بەردەست | | پێویستی شار | | بڕی کورتهێنان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕووبەر/م$^2$ | ژمارە | ڕووبەر/م$^2$ | ژمارە | ڕووبەر/م$^2$ |
| 1 | باخچە | 214 | 344626,4 | 308 | 375521,3 | 94 | 30894,9 |
| 2 | چایخانە | 28 | 1562,7 | 92 | 5156,3 | 64 | 3593,6 |
| 3 | یاریگا | 22 | 16404,2 | 24 | 86236,8 | 2 | 69832,6 |
| 4 | چێشتخانە | 22 | 2566,6 | 84 | 9852 | 62 | 7285,4 |
| 5 | ساردەمەنی و شرینی | 15 | 1749,8 | 63 | 7349,3 | 48 | 5599,5 |
| 6 | هۆڵی وەرزشی | 13 | 1001 | 93 | 7177,3 | 80 | 6176,3 |
| 7 | کتێبخانە | 5 | 1853,6 | 31 | 113414,6 | 26 | 111561 |
| 8 | سەنتەری لاوان | 3 | 11612,9 | 34 | 125097 | 31 | 113484,1 |
| 9 | هۆڵی بۆنەو ئاهەنگ | 3 | 941 | 9 | 10138 | 6 | 9197 |
| 10 | هۆتێل | 3 | 2220,7 | 13 | 79779,7 | 10 | 77559 |
| 11 | شاری یاری و پارك | 3 | 87500 | 20 | 583333 | 17 | 495833 |


| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 12 | یانەی وەرزشی | 2 | 15653,7 | 5 | 18292,6 | 3 | 2638,9 |
| 13 | مەلەوانگە | 2 | 1125 | 12 | 13500 | 10 | 12375 |
| 14 | مۆزەخانە | 1 | 600 | 5 | 3000 | 4 | 2400 |
| 15 | شوێنەواری دێرین | 1 | 6250 | – | – | – | – |
| 16 | کابینەی گەشتیاری | 1 | 600 | 3 | 1800 | 2 | 1200 |
| 17 | باڕ | 1 | 700 | – | – | – | – |
| 18 | شانۆ | – | – | – | – | – | – |
| 19 | سینەما | – | – | – | – | – | – |
| کۆ | | 339 | 496967,6 | 796 | 1439647,9 | 459 | 949630,3 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەستن بە. 1-بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان. 2- فەرمانگەی شەتلگەو باخچەی کەلار

3-بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان. 4- سەندیکای کرێکارانی کەلار. 5- بەریوە بەرایەتی شوێنەواری گەرمیان

6-بەریوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان 7- بەریوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان. 8-کاری مەیدانی توێژەر

**شێوەی ( 2 )/ خزمەتگوزرای بەردەست و ئەوی پێویستە هەبێت لە شاری کەلاردا بۆ ساڵی 2017.**




کاری توێژەر/ بشت بەستن بە داتاکانی خشتەی ژمارە ( 6 ).

**دەرئە نجامی توێژینەوە**

**1- شاری کەلار بە یەکێك لە شارە گرنگ و ستراتیژییەکانی ئیدارەی گەرمیان و هەرێمی کوردستانی عیراق دادەنرێت، ئەم شارە لەرووی ڕووبەروە دەگاتە (17,1کم2) و ژمارەی دانیشتوانەکەشی بە پێی ئاماری ساڵی (2017) دەگاتە (139974) کەس، کە دابەش دەبێت بە سەر (27) گەڕەکدا.**

**2-گەورەترین گەڕەك لە ڕووی ڕووبەرەوە گەڕەکی کەلاری کۆنە، کە بە کۆنترین گەڕەکی کەلار دادەنرێت، بە رووبەری (716375 م2)، بەڵام لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەڕەکی فەرمانبەران زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی تێدا نیشتەجێیە، کە ژمارەیان (8473)کەسە.**

3-خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی، بە یەکێك لە خزمەتگوزارییە گرنگەکان دادەنرێت، بۆ حەوانەوەی دانیشتوانی شارو پەرپێدانی ئارەزۆکانیان لە کاتەکانی بەتاڵیدا، بەڵام لە ئێستادا لە شاری کەلار، خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی لە ئاستی پێویستی دانیشتوانەکەیدا نییە.

4-خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی باخچەکان بە پلەی یەکەم دێت، لەکۆی خۆشگوزرانییەکانی دیکە، بە (214) باخچەو بەرێژەی (63٪) کە بەسەر هەموو گەرەکەکانی شاری کەلاردا دابەشبووە، هاوکات هەریەك لە (مۆزەخانە و شوێنەواری دێرین و کابینەی گەشتیاری و بار) لە پلەی کۆتاییدا دێن، بە (1)یەك پرۆژە لە شارەکەدا و بەرێژەی (0,3)، کە ئەمەش بە پێی پیویست نییە جگە لە شوێنەواری دێرین، کە ئەمەش لە دەسەڵاتی ئێستادا نیە.

5- گەڕەکی فەرمانبەران بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزرانیەوە، بە (30) خزمەتگوزاری و بە ڕێژەی (9٪) کە ئەمەش دابەشبووە بەسەر ڕووبەری (547750 م2) بە ڕێژەی (5,2٪) لە کۆی ڕێژەی ڕووبەری گەڕەکەکانی شاری کەلار و لە پلەی کۆتاییشدا گەڕەکی گەرمیان دێت، بە (3) خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی و بەڕێژەی (1٪)، ئەمەش لە سەر رووبەری (107275) بنیادنراوە واتا (1٪) لە کۆی ڕێژەی بنیادنراو لە شاری کەلاردا.

6- پێوەرەکانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لەسەر بنەمای دابەشبوون وچڕی و توانای سروشتی و مرۆیی ناوچەکان دادەنرێت ، بە لەبەرچاوگرتنی پلانێکی گونجاو.

7-ئەو خزمەتگوزارییە خۆشگوزرانییانەی، کە لە ئێستا لە شاری کەلار بۆ ساڵی (2017) بەردەستە، بە بەراورد بە پێویستیی شاری کەلار نەگونجاوە و بە ئاستێکی زۆر، تووشی کورتهێنان دەبێتەوە لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەبووە بەسەر کەرکەکانی شاردا .

8- لە کۆی (399) پڕۆژەی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شاری کەلاردا، کە لەسەر (445438,6 م2) بنیادنراوە، شارەکە پێویستیی بە(769) پڕۆژە هەیە، واتا بە کورتهێنانی (459) پروژەی خۆشگوزەرانی بە هەموو جۆرەکانییەوە و ڕووبەری (1184397,8 م2) واتا بە کورتهێنانی ڕووبەری (741659,2 م2).

### پێشنیارەکانی توێژینەوە:

1-دوبارە دابەشکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی بە شێوازێك، کە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری کەلار لێی سوودمەند بن و هەموو جۆرەکانی خۆشگوزەرانی لە خۆ بگرێت.

2- دەستنیشانکردنی تیمێکی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارە جیاجیاکاندا و دانانی پلانێکی تۆکمە و درێژخایەن لەبواری پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانیدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ خواستی دانیشتوانی شاری کەلاردا بگونجێت .

3-هاندانی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان لە بواری خزمەتگوزرای خۆشگوزرانیدا بەگەڕبخەن، بۆ پەرەپێدانی ئەم کەرتە زیندووە و گەیاندنی بە ئاستی پێویست.

4-سوودوەرگرتنی زیاتر لە ڕووباری سیروان، بۆ جوانكردنی ناوچەی لێكۆڵینەوەو سەوزكردنی، ئەویش بە پەرە پێدانی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی و كەرتی گەشتیاری و دروستكردنی پارك و باخچە و شوێنی حەوانەوە و شاری یاری و چێشتخانە و ریستۆرانتی مۆدێرن.

5-بایەخدان بە باخچەكان ئاودانیان لە كاتی پێویستدا و سەوزكردنیان، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، بە تایبەتیش ئەو شوێنانەی تایبەتكراوە بكرێت بە باخچە لە نێو گەڕەكەكانی شاردا و دابینكردنی كرێكاری پێویست بۆیان.

6-بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاولاتیان، بۆ ئەوەی موڵكە گشتییەكان بپارێزن، باتیبەت ئەوەی پەیوەستە بە خزمەتگوزاریی خۆشگوزرانییەوە، لە رێگەی دەزگا ڕاگەیاندنە بینراو و بیستراو چاپكراوەكان و دەزگاكانی تری هۆشیاركردنەوەوە.

7-ڕەچاوكردنی تەمەن و چین وتوێژە جیاوازەكان (منداڵ – گەنج – بەساڵاچوو)، لە كاتی ئەنجامدانی پرۆژەیەكی خۆشگوزەرانی لە لایەن كەرتی گشتییەوە، چونكە ئەو پرۆژیە موڵكی گشتییە و هەمووان لێی سوودمەند دەبن.

8-سەرپەرشتیكردنی ئەم سێكتەرە خزمەتگوزارییە، لە لایەن تیمێكی پسپۆڕەوە و پشكنینی شوێنە خۆشگوزرانییەكان و تۆماركردنی كەم كورتییەكان و دواتریش چارسەر كردنیان.

## پەراوێزی سەرچاوەكان


1-خالد ولي علي, المقومات السياحية في منطقة كرميان وافاقها المستقبلية, رسالة ماجستير غير منشور, كلية العلوم الأنسانية والرياضة, جامعة كرميان, خانقين, 2014, ص48.

2-بەریوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان داتای بلاونەكراوە.

3-شێروان عمر رشيد,بنەماكانی جوگرافیای سروشتی وگەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی, نامەی دكتۆرا,سلێمانی ,20011, ل26-29.

4-صبرى فارس الهيتى, التخطيط الحضري,الطبعة العربية, دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع, عمان, 2009, ص225.

5-صالح الشمري, المساحات الخضراء بمدينة مكة المكرمة, مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية, العدد 119 ,1988, ص11.

6-خلف حسين علي الدليمي, تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية (اسس,معايير,تقنيات), ط1,دار الصفاء للنشر والتوزيع, عمان, 2009, ص195.

7-سوسن جبار ابراهيم العزاوي, تغيير استعمالات المناطق الخضراء في مدينة بغداد للمدة 1987 – 2001, رسالة ماجستير,كلية التربية, جامعة بغداد, 2002, ص16.

8- خلف حسين علي الدليمي, تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية (اسس,معايير,تقنيات), المصدر السابق, ص241.

9-ابتسام بداع علي حسين العلواني. استعمالات الارض الترفيهية في مدينة الرمادي دراسة في جغرافية المدن. رسالة ماجستير. كلية التربية للعلوم الانسانية, جامعة الانبار, 2011, ص27.

10-دليل المعايير التخطيطية للمناطق الترفيهية, وزارة الشؤون البلدية والقروية, ط1,مكتبة الملك فهد الوطنية, الرياض, ص5.

11- د. بشير ابراهيم الطيف , خدمات المدن دراسة في الجغرافية التنموية, ط1, المؤسسة الحديثة للكتاب, طرابلس, 2009, ص135.

12-خلف حسين علي الدليمي, تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية (اسس,معايير,تقنيات), المصدر السابق, ص126.

13- عباس غالى داود الحديثي,الخدمات الترفيهية لسكان مدينة البصرة دراسة تحليلية جغرافية للمدينة واقاليميها,رسالة ماجستير , جامعة بغداد , 1983, ص70.

14-فؤاد بن غضبان, الخدمات الحضرية برؤية جغرافية معاصرة, ط1, دار المنهجية للنشر والتوزيع, عمان, 2015, ص135.

15-رياض كاضم سلمان الجميلي, كفاءة التوزيع المكانى للخدمات المجتمعية(التعليمية والصحية والترفيهية) في مدينة كربلاء, اطروحة دكتورا, كلية التربية, جامعة بغداد, 2007, ص239.

16-مازن عبدالرحمان الهيتى, جغرافية الخدمات اسس ومفاهيم, ط1, مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع, عمان, 2013, ص62.

**سەرچاوەكان**


- شێروان عمر رشيد,بنەماكانی جوگرافيای سروشتی وگەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی, نامەی دكتۆرا,سلێمانی, 20011.
- الهيتى, صبرى فارس, التخطيط الحضري,الطبعة العربية, دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع, عمان, 2009.
- الشمري, صالح, المساحات الخضراء بمدينة مكة المكرمة, مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية, العدد 119 ,1988.
- الدليمي, خلف حسين علي, تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية (اسس,معايير,تقنيات), ط1,دار الصفاء للنشر والتوزيع, عمان, 2009.
- الطيف, بشير ابراهيم , خدمات المدن دراسة في الجغرافية التنموية, ط1, المؤسسة الحديثة للكتاب, طرابلس, 2009.
- الهيتى, مازن عبدالرحمان, جغرافية الخدمات اسس ومفاهيم, ط1, مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع, عمان, 2013.
- غضبان, فؤاد بن, الخدمات الحضرية برؤية جغرافية معاصرة, ط1, دار المنهجية للنشر والتوزيع, عمان, 2015.

- **الرسائل ولأطاريح:**
- **العزاوي, سوسن جبار ابراهيم, تغيير استعمالات المناطق الخضراء في مدينة بغداد للمدة 1987 – 2001, رسالة ماجستير,كلية التربية, جامعة بغداد,** 2002.
- **العلواني, ابتسام بداع علي حسين, استعمالات الارض الترفيهية في مدينة الرمادي دراسة في جغرافية المدن. رسالة ماجستير. كلية التربية للعلوم الانسانية, جامعة الانبار,** 2011.
- **الحديثي, عباس غالي داود,الخدمات الترفيهية لسكان مدينة البصرة دراسة تحليلية جغرافية للمدينة واقاليميها,رسالة ماجستير , جامعة بغداد ,** 1983.
- **الجميلي, رياض كاضم سلمان, كفاءة التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية( التعليمية والصحية والترفيهية ) في مدينة كربلاء, اطروحة دكتورا, كلية التربية, جامعة بغداد,** 2007.
- **علي, خالد ولي, المقومات السياحية في منطقة كرميان وافاقها المستقبلية, رسالة ماجستير غير منشور, كلية العلوم الأنسانية والرياضة, جامعة كرميان, خانقين,** 2014.
- **الشمري, صالح, المساحات الخضراء بمدينة مكة المكرمة, مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية, العدد** 119 ,1988.
- **النعيمى,احمد محمد ومنتهى,التوزيع المكاني للخدمات الترفيهية والترويحية في مدينة بغداد,مجلة الادارة والاقتصاد,العدد الثامن والعشرون,** 2009.
- **دليل المعايير التخطيطية للمناطق الترفيهية, وزارة الشؤون البلدية والقروية, ط1,مكتبة الملك فهد الوطنية, الرياض.**

**فەرمانگە حکومییەکان:**

- **بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان.**
- **فەرمانگەی شەتلگەو باخچەی کەلار**
- **بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان.**
- **سەندیکای کرێکارانی کەلار.**
- **بەریوە بەرایەتی شوێنەواری گەرمیان.**
- **بەریوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان.**
- **بەریوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان.**

**چاوپێکەوتنەکان:**

- **بەرێز سۆران محمد, خاوەنی چێشتخانەی سۆران, لە بەرواری** 17/ 2/ 2018
- **بەرێز سەرچڵ, خاوەنی ئوتێل و ڕیستۆرانتی سەرچڵ, لە بەرواری** 17/ 2/ 2018
- **بەرێز علی عبدالله نادر, خاوەنی هۆڵی کوردستان, لە بەرواری** 20/ 2/ 2018

- بەرێز : هیوا صالّح محمد , یاریزانی لەش جوانی, لە بەرواری 20/ 2/ 2018
- بەرێز محمد احمد محمد, بەرێوەبەر لەشاری یاری کەلار , لە بەرواری 28/ 2/ 2018
- بەرێز ئارام مەلا نوری خاوەنی چاپخانەی میللەت , لە بەرواری 5/ 3/ 2018
- بەرێز ئازاد حسین فرحان, کارگێری یانەی وەرزشی شیروانە, لە بەرواری 7/ 3/ 2018
- بەرێز رسول بارمی, نووسەر وەرزشی و پێشکەشکاری بەرنامەی وەرزشی لە بۆکان میدیا, لە بەرواری 7/ 3/ 2018

# The distribution and level of luxury life services in the city of Kalar

**Khalid Wali Ali**

**Department of Geography, College of education,University of Garmian**

## Abstract

Service for a luxury life is considered one of the life factors of a city, because it takes the role of the lungs of human being, which is used for breathing besides providing relaxation and calmness to the human's psychology. For that reason, from the angle of how important this subject is, we have tried, in this study, to work on the distribution as well as the level of services and luxury life in the city of Kalar.

Kalar city is located between the two horizontal loops (=08¯36°34 -=16¯39 °34 ) of the north side of earth and between the two vertical loops(=12¯17°45 - =50¯21°45) of east in With an area of ( 17.1 km)

The aim of this study is to show the forms of distributing the services of a luxury life in the avenues of Kalar city. In addition to knowing the level and ability of accepting travelers and truisms besides finding out the inability of provided luxury life services now, what is necessary to have or to be provided in kalar city now according to the standard measurements in Iraq. This study resulted with some findings and suggestions for suitable solutions and developing this sector.